کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 3:58 27-11-2007

**تورکیا حکومەتی هەرێمی تەسلیم گرت... سەباح نوری**

ئەمجارەشیان لە دەرئەنجامی فشارەکانی تورکیا حکومەتی هەرێم گۆڵی لە خۆی کرد، دەرکەوت دەسەڵاتدارانی هەرێم لیاقەی سیاسیان نییەو لە دیبلۆماسی تێناگەن، چونکە هەر کە تورکیا دەستی بەهەڕەشەو خۆگیڤکردنەوە کرد چیتر ئۆقرەیان لەبەر براو نەیاندەزانی چی بکەن. هەڵبەتە هەر لەسەرەتاوە ئاشکرابوو کە تورکیا شەڕی دەروونی لەبەرامبەر کورد بەڕێوەدەبات، ئەگەر مرۆڤ هەندێ ئاشنایی مێژووی تورکەکان بێت باش بۆی روون دەبێتەوە کە ئەگەر دەرفەتی بەکارهێنانی سوپایان هەبێت و بزانن لەرێگەی سەربازییەوە ئەنجام وەردەگرن، ئەوا رۆژێکیش دوانەدەکەوتن و کت و پڕ پەلاماری باشووری کوردستانیان دەدا. پێشووتریش ئاماژەم بەوە دابوو کە تورکەکان دەیانەوێت حکومەتی هەرێم بێ شەڕ تەسلیم بگرن، بۆ ئەمەش دەستیان بە هەڕەشەو لەشکرکۆکردنەوە لەسەر سنووری باشووری کوردستان کرد، دیارە تورکەکان ئەمجارەش گرەوەکەیان بردەوەو حکومەتی هەرێمیان بەتەواوەتی تەسلیم گرتووە و دەتوانن چۆنیان بوویێت بەکاری دێنن.

لەراستیدا شەڕەکە بۆخۆی شەڕی دیبلۆماسی و سیاسانەی واشنتۆن و ئەنقەرە بوو، ئەمریکا پێویستی بە هاوکاریکردنی تورکیایە دژ بە ئێران، تورکیا ئەو مەرجەی ئەمریکای پەسەند نەکرد، بۆ ئەوە ئەمریکییەکان هەستان بە رۆژەڤکردنی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان و دابەشکردنی ئێراقیان بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ خستە رۆژەڤەوە. ئەمانەش بۆ ئەنقەرە هێڵی سوورن، بۆیە تورکەکان ئۆقرەیان لەبەر براو کەوتنەخۆ، خۆیان نزیکی بەرەی (ئێران – سوریا) کردەوەو داگیرکردنی باشووریان خستە رۆژەڤەوە. ئەمەش واشنتۆنی هێندەی تر تەنگەتاو کرد، چونکە ئەم هەرێمە تاکە جوگرافیای ئێراقە کە ئارامی و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە. هەر دەچوو بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبوو هەڵبەتە ئەمریکییەکان فویان لە هەندێ بەرپرسانی هەرێمیش کردبوو بۆ ئەوەی دژ بە تورکیا مەیدان بخوێنن و مشت لە سنگی خۆیان بدەن.

دەرئەنجام بۆش و ئەردۆغان کۆبوونەوە. دیارە هەر لایەنێکیش لە هەوڵی بەکارهێنانی کارتەکانیدا بووە بەجۆرێك کە بتوانێت قازانجی زیاتر بکات و خۆی لە زیان و زەرەر بپارێزێ و دەسکەوتی زیاتر بۆخۆی دەستەبەر بکات. رووداو لێدوانە سیاسییەکانی دوای کۆبوونەوەکەش ئاماژە بە هەندێ گۆڕانکاری و رێکەوتنی هەردوولا دەکەن لەسەر چەندین مژارو بابەتی جیا جیا. بەڵام پێدەچێت ئەردۆغان دژ بەئێران گفت و پەیمانی بە ئەمریکییەکان نەدابێت، چونکە هەر لەم رۆژانەدا چەندین رێکەوتنامەی دوولایەنە لە نێوان تورکیاو ئێران سەبارەت بە وزەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی مۆرکرا. تەنانەت بیرمەندانی سیاسی تورکی رێکەوتنی واشنتۆن و ئەنقەرە دژ بە ئێران بە کارێکی خراپ و ئاستەم بۆ تورکیا دەبینن.

کەواتە تاکە بابەتێك کە هەردوولا لەسەری رێکەوتوون دژایەتی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان و گەلی کوردە. ئەمریکا بە تورکیایان وتوە نابێت چیتر دەستێوەردان لە کاروباری ئێراقدا بکەی، بەرامبەر بەوەش چی لە کوردی باکووری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەیت ئەوا دەستت کراوەیە. لەناویان دەبەی.. قڕیاندەکەی.. کیمیاویان بەسەردا دەبارێنی.. ئەوە کەیفی خۆتە! شتی هەرە ترسناکیش دەسەڵاتدارانی هەرێمی باشووری کوردستان و تەنانەت یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵیش ئەو شتەیان پەسەند کردووە، لەوەش مەترسیدارتر پارتی و یەکێتی بە ئیمتیاز ئەو پیلانە ترسناکە دژ بەگەلی کورد هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەکەن. ئەقڵیەتی سیاسی دەسەڵاتدارانی هەرێم هێندە کورت بین و نالۆژیکانەیە بڕوایان بەوە کردووە کەتورکیا دەست لە دوژمنایەتی دەسکەوتەکانی هەرێم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەردەدات و بەتەنیا هێرش دەکاتە سەر پەکەکە!! لە شەو و رۆژێکدا لێدوان و گوتاری سیاسی لە باشووری کوردستان بە پلە سەدو هەشتا گۆڕانی بەسەردا هات.

لایەنی سودمەند پارتی دادوگەشەپێدانە...

لەو بڕوایەدام تورکیا توانی بەشێوەیەکی باش سوود لەو ئاڵۆزیانەی ئەمریکا لە ئێراق و رۆژهەڵاتی ناوین وەربگرێت، بۆیە دەستی بەو هەڕەشەو گورەشانە کرد هەتا ئەمریکا چاوێك بەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو ولاتەدا بخشێنێتەوە و بەرژەوەندییەکانی بەهەند وەربگرێت. دیارە لەم هەنگاوەشدا تورکیا ئەنجامی وەرگرت، چونکە ئەمریکا سەبارەت بە کورد سازشی زۆر لەگەڵ تورکدا کردووە، پێشتریش هێزە جیهانییەکان کێشەی کوردو هێزە سیاسییە کوردییەکانیان وەکو کارتی فشار دژ بە ولاتانی داگیرکەری کوردستان بەکارهێناوە، هەر کاتێ بەرژەوەندییەکانیان یەکانگیر بووبێ ئەوا پالەقەیەکیان لە کورد داوە. ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێ دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆیە، ئەمریکییەکان لە ئێراق تەنگاون و قسەیان پارە ناکات، بۆ ئەوە خۆیان نزیکی کورد کردۆتەوە، تەنانەت ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت ئەمریکا کوردی باشوور وەك هێزی سەربازی بەکاردەهێنێ و هیچ ئاماژەیەك یان گەرەنتییەك لە ئارادانییە بۆ دووبارە تێکنەچوونی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان. ئەگینا گەر مەسەلەکە بەرژەوەندی نییە ئەی چۆن لەیەککاتدا بە کوردی باشوور دەڵێت دیموکرات و بەکوردانی باکووریش دەڵێت تیرۆرست!! ئایا چ گەرەنتییەك هەیە سبەی و دوو سبەی کوردانی ئێرەش نەکاتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی؟! گووتەیەکی ئینگلیزەکان هەیە دەڵێ:"قازانجکردن و سەرکەوتن زۆر گرنگە، تەنانەت لەو پێناوەشدا هەندێ گفت و پەیمانیش بشکێنین ئاساییە".

تورکیا ئەو سیاسەتەی ئەمریکای باش خوێندۆتەوە و دەزانێ بۆ ماوەیەکیش بێ پێویستی بەهێزەکانی باشووری کوردستانە، بۆیە بڕیاریدا حاڵی حازر تەنیا پەکەکە بکاتە ئامانج. بۆ ئەمەش یەکەم هەنگاوی دەیەوێت شەڕی کورد بە کورد دروست بکات، لەلایەکی ترەوە لە رێگەی برەودان بە ئیسلامی سیاسی و گوڕدان بە تەریقەتچێتی دەیەوێت گورز لە هەست و گیانی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان بدات و پەکەکە سنووردار بکات و دواتریش گورزی کوشندەی لێبدات. واتا تورکیا باش لەوە تێگەیشتووە کە بۆخۆی ناتوانێت گورز لە پەکەکە بدات و ئەمریکاش لەو ئاستەدا نییە کەبتوانێت هاوکاری بکات، بۆیە کۆشش دەکات کە یەکێتی و پارتی ئەو کارەی بۆ بکەن. دوای ئەمە دیارە دەردی پارتی و یەکێتیش باش تیماردەکات. تورکەکان باش دەزانن کە ئەگەر پەکەکە نەبێ ئەوا دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بۆ بیست و چوار سەعاتیش ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە -- ئەوا ئەگەر هەر لە ئەساسدا بڕیاری وەها کاریگیان هەبێت، واتا تورکیا هەنگاوی یەکەم دەیەوێت رۆح و هێزی بەرخۆدانی کورد --- کە پەکەکەیە، بشکێنێت دوای ئەوە پەلاماری دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان بدات. لێرەشدا پارتی و یەکێتی خۆیان بەوە فریوودەدەن کە ئەمریکایان لە پشتە و دەیانپارێزێ. مێژوو شایەتحاڵی ئەوەیە کە هێزە جیهانییەکان هیچ ئان و کاتێ گفتەکانی خۆیان بەرامبەر بە کورد جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو هەمیشەو بەردەوام هەتا کاریان پێ هەبووە بەکاریان هێناوەو دواتر فڕێیان داوەتە زبڵدانی مێژووەوە.

چەند رۆژی رابردوو وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا هێنری کیسنجەر لێدوانێکی سەرنجراکێشی دابوو، ناوبراو ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەمریکا پێویستە دووبارە رۆڵ بداتەوە بە تورکیا هەم لە ئێراق و هەمیش لە رۆژهەڵاتی ناوین و قەفقاسیاو بەڵقان. ئەوەی ئەمڕۆش دەبینرێ هەمان شتە. هەفتەی رابردوو شەمعۆن پێرێس و مەحمود عەباس بۆ دەستکردنەوە بە دیالۆگ چوونە تورکیا، لە هەمانکاتدا پرۆژەی گازو پەترۆڵی (ئازەربایجان، گورجستان، تورکیا، یۆنانستان) بەرەو ئەوروپا ئەرێ کراو بەم زووانە دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێ. هەر لەسەر داوای تورکیاش بوو ماددەی (140) دەستووری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەمیشەی ئێراق ئەنفال کرا. لەو بڕوایەدام ئەم چالاکبوونەوەی تورکیا لەسەر حسابی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد دەبێ، چونکە تورکەکان زۆر ڕاشکاوانە دژایەتی خۆیان بۆ هەبوونی کوردو دەسکەوتەکانی دەردەبڕن. بگرە تەنانەت باس لە گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بۆسەر تورکیا دەکەن. بێگومان هەرێمی باشووری کوردستانیش دووشەش لە دەستیدا تۆپیوە، چونکە بڕیاری سیاسی و ئیرادەی سیاسی خۆی نییەو چاوەڕوانی فەرمانەکانی واشنتۆنە، هیچ هێزێ پرسی بەهەرێم ناکات و هێدی هێدی هەرێم لەهاوسەنگییەکاندا دەردەخرێت و تورکیا جێگەی دەگرێتەوە. تورکیا دژی بەخشینی هەر ڕۆڵێکە بەکورد، تەنیا ئەوەنەبێ کە هەستن بە دژایەتیکردنی پەکەکەو بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان لەبەشەکانی تری کوردستان، جودا لەمە تورکیا هیچ ڕۆڵێکی بۆ هەرێم پێپەسەند نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی هەرێم بێ کارت ماوەتەوەو هیچ شتێکی نییە دژ بەتورکیا بەکاری بهێنێت، هەرێم زۆر لە مێژە خۆی بێ کارت کردووەو هێلکەکانی هەموو خستە سەبەتەی ئەمریکاوەو لەبەرامبەر تورکیاشدا خۆی نەکردە خاوەن کارت. دیارە دیبلۆماسیش بێ کارت فشاری شتێکی بێ واتایە. لەوانەش خراپتر وا سەرقاڵی ڕووخاندنی ئەو دیوارەن کە هەموو کورد پاڵی پێوەداوە (مەبەست پەکەکەیە) . بەمکارەش هەرێم وەکو ئەو پیاوەیە کە بەتەور سەرقاڵی بڕینەوەی ئەو دارەیە کە لەسەری ڕاوەستاوە.

بەکورتی حکومەتی ئەردۆغان لەلایەك ئارتەشی تورکیاو گەریلا بەگژیەکدا دەدات، لەلایەکی تریشەوە پارتی و یەکێتی بەگژ پەکەکەدا دەدات، لەلایەکی تریشەوە فشار دەخاتە سەر پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك و پەرلەمانتارەکانی و داوایان لە دژ دەکاتەوە و ژێر بەژێریش سەرقاڵی دروستکردنی پارتێکی هاوشێوەی خۆیەتی لە باکووری کوردستان، بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی ئیسلام و داننان بەناسنامەی کورد گورزێکی کوشندە لە گیانی نەتەوەیی بدات. پارتی دادو گەشەپێدان لە هەوڵی ئەوەدایە دەستبەسەر شارەوانییەکانی کوردستاندا بگرێت. بەمکارەش دەیەوێت خۆی بکاتە نوێنەری کورد. دیارە یەکێتی و پارتی و هەوادارانیان لە باکووری کوردستان لەناو ئەو پیلانگێڕیەدان و ئامانجی ئەساسیشیان پاکتاوکردنی ئیرادەی ئازادی و سەربەخۆی کوردییە هەم لە باشوورو هەمیش لە باکوری کوردستانیش.

ئایا هەڵویستی پەکەکە چی دەبێ؟

بێگومان ئەگەر ئەو پیلانە ئەنجامگیربێت ئەوا ئەوەی ڕوومەت و کەرامەتە لە کوردستاندا نامێنێتەوەو نەسڵی بەکرێگرتەو خۆفرۆش لە کوردستاندا زاڵ دەبێت. بەڵام ئەوەی کە بەربەستی سەرەکییەو کۆسپی سەرەڕێی جێبەجێکردنی ئەو پیلانەیە هەبوونی پەکەکەیە. ئەگەر سەیرێکی کورتی ئەم پارتە کوردستانییە بکەین ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەمە جاری یەکەم نییە کە پارتی ناوبراو ڕووبەڕووی وەها پیلانگێڕیەك دەبێتەوە، بەتایبەتی ساڵی (1992) و ساڵی (1999)، بەڵام پەکەکە بە بەرخۆدانێکی بێ وێنە ئەو دوو گەلەکۆمەیەو چەندین پیلانگێڕی دیکەی پووچەڵکردوەتەوە و لەو بڕوایەدام ڕۆژی ئەمڕۆ پەکەکە لەو ئاستەدایە کە بتوانێ بەرپەرچی پیلانگێڕان و هێرشەکانیان بداتەوە و بگرە لە ئەساسیشدا پیلانەکە تێکبدات. چونکە لە هەر کاتێکی تر زیاتر ئەمڕۆ لە بوارەکانی ئایدۆلۆژی و ورەو مۆراڵ و سیاسی و سەربازی و ڕێکخستنی و جەماوەرییەوە ئامادەیە کە ببێتە وەڵامی پێداویستییەکانی قۆناخ، بەڵام ئەو کارەی کە ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی دەستیان داوەتێ هەر لە هەوڵدان بۆ تاوانبارپیشاندانی پەکەکەوە بگرە تا دەگاتە برسیکردن و بێ دەرمان هێشتنەوەو بێ دەنگ کردن هەتا دەگاتە پەسەندانەوەو فوتێکردنی ئەرۆدغان، بەگشتی کورد سوك دەکەن و لەچاوی دونیادا وەکو نەتەوە بچوکمان دەکاتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.